## حکومەتی هەرێم: بەشێکی داهاتی مەرزی کێلێ بۆ پرۆژە تەواونەکراوەکانی سنووری قەزای پشدەر بەکار دەهێنرێتەوە



بە بڕیاری سەرۆک وەزیران مەسرور بارزانی، بەشێکی داهاتی مەرزی کێلێ بۆ پرۆژە تەواونەکراوەکانی سنووری قەزای پشدەر بەکار دەهێنرێتەوە.

ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە نووسراوی ژمارە 12909 لە ڕێکەوتی 15ـی تشرینی یەکەمی 2025، بە نووسراوێکی کەدەستی موت□□ع کەوتووە ڕەزامەندیی لەسەر داوایەکی ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین دا.

لە نووسراوەکەی ئەنجوومەنی وەزیراندا هاتووە، سەرۆک وەزیران مەسرور بارزانی، ڕەزامەندیی لەسەر تەرخانکردنی 20%ـی داهاتی مەرزی کێلێ بە شێوەی نەختینەیی مانگانە بۆ مەبەستی تەواوکردنی پرۆژە بەردەوام و وەستاوەکانی سنووری قەزای پشدەر لە ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین دا.

Adc
ww